# شیعرم ئەگەر
# هۆنراوەی شالاو

خەمی دوو وشەم داهێناو
ڕستەیەکم کرد بەباران
ژانەکانی چەند پیتێکم هەڵدایەوەو
بڕگەیەکم کرد بەگریان
بەرگی گوڵم لە بەهار وویست
هەربۆ ئەوەی من بنووسم
ئەی خۆشەویست
شیعرم ئەگەر وەکو کانی
تەڕنەکاتن گەرووی ووشکی باڵدارەکان
شیعرم ئەگەر
وەکو باران
نەبارێتە سەرئاقاری زام وبرین
شیعرم ئەگەر
وەک تیشکی مانگ
نەبتە گەڵا بۆ خەزانێکی گوڵ وەرین
ئەوە شیعرم بۆ سێدارەو
ئەوەش ووشەم بۆ سەربڕین...